ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# تەنها لە مزگەوتی حەرام دوو ملیۆن و نیو بەشداری نوێژی تەراویح ئەکەن لە کۆتایی ڕەمەزان

باوکی محمد

شەوی ١٢،١١،٢٠٠٣ بە پێی سەرژمێریە ڕەسمیەکانی سعودیە زیاتر لە دوو ملێۆن و نیو لە نوێژخوێنان و عەمرەکەرانی مزگەوتی حەرام لە مەککەی پیرۆز کۆتاییان هێنا بە خەتمی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز کە لە شەوی یەکەمی شەوانی قەدرەوە دەستیان پێ کردبوو .



ئەوەی جێگەی سەرنجە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو ئەمساڵ ژمارەی ئەوانەی کە بۆ خواپەرستی لە ناوەوەو دەرەوەی سعودیەوە ڕویان کردبووە مزگەوتی حەرام زۆر زیاتر بوو لە ساڵانی ڕابوردوو، وە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە ئافرەتان و مناڵانیش بەشداریان کردووە .

ئەوەی جێگەی سەرنجیش بوو دووبارە کە ئەمساڵ پێش نوێژو موسڵمانانی ئەوێ بە کوڵ دوعاو پاڕانەوەیان کردووە بۆ موجاهیدانی سەرجەم جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی فەلەستین و عێراق کە ئێستە لە ژێر ناڵەی تۆپ و تەیارەی ئەمریکیاندا سەدان' مەدەنی و ژن و مناڵ و پیرەمێرد و پێیرێژن بوونەتە سوتەمەنی ئەو دەستدرێژکاریە .

ئیسلام ئۆن لاین

---

## لێدوان

پێغەمبەری ئیسلام ئەفەرموێت : ئوممەتەکەم وەك باران وایە، نازانرێت سەرەتاکەی خێر یان کۆتاییەکەی، پاڕانەوەو داوا کردنی بە کوڵ لە خوای گەورە یەکێکە لە هەرە هۆکارە سەرەکیەکانی لابردنی خەشم' و قینی خوای گەورەو سەرکەوتن بە سەر دوژمنانی خواو پێغەمبەردا . ئێمەی موسڵمان لەم ڕۆژگارەدا زۆر پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی یەکجاری هەیە بۆ دینەکەمان و بەکوڵ لە خوای گەورە داوابکەین و بپاڕێینەوە کە هۆکارەکانی جێگیر بوون و سەرکەوتن ببەخشێت بە ئوممەتی ئیسلام .

بەرەوپیر هاتنی مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ تەنها لە مزگەوتی حەرام بەو شێوەیە نەبووە، بەڵکو سەرانسەری جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە، وە لە هەموو شارو ناوچەیەکی ئەم جیهانەدا کە موسڵمانانی لێ بوبێت بە ئاشکرا هەست بەوە کراوە کە ئەمساڵ جیاوازی بەرچاوی هەیە لە گەڵ ساڵانی ڕابوردوو، بە نمونە تەنها لە شاری لاهوری پاکستانی لە شەوی قەدر دا سەدوپەنجا هەزار کەس بەشداری زیندوو کردنەوەی ئەو شەوەیان کردووە .

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئەگەر سەیرێکی کوردستانی خۆشمان بکەین ئەو دیاردەیە بە ڕونی بەرچاومان ئەکەوێت، ئەمساڵ لە سایەی پرۆژەی ئازادی و دیموکراسیەوە قەدەغە لە سەر چێشتخانەکان بە تەواوی هەڵگیراو بە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە فەرمانەکانی خوا پێشێل کران، بەڵام هەموو کەسێك کە ئاگاداری کوردستان بێت ئەزانێت کە ئەمساڵ چێشتخانەکان کەمتر کراونەتەوە لە ساڵانی ڕابوردوو، لە گەڵ ئەوەی کە دیموکراسیەکە جارێ مزگەوتەکانی نەگرتۆتەوە، کە لەوانەشە هەر نەیگرێتەوە، ئەوەندەی ئەمساڵ مزگەوتەکان چڕوپڕو قەرەباڵغ بوون هیچ ساڵێك وا نەبووە . ئەو دیاردەی کە زۆر بەرچاو بوو ئەمساڵ لە کوردستان بە گشتی دیاردەی پڕ بونەوەی مزگەوتەکان بوو بە خوشکانی باوەڕدارو داوێن پارێزی کورد، کە بە شێوەیەکی وا زۆرێك لە ماڵەکان بە ماڵ و منداڵەوە ڕویان ئەکردە مزگەوتەکان، سەیرە چەندەها ساڵە عیلمانیەت ئەیەوێت خەڵکی لە مزگەوتەکان دوور بخاتەوە کەچی مزگەوتەکان زیاتر قەرەباڵغ ئەبن، بەڕاستی ڕەمەزان پشت شکێنی عیلمانیەتە .

تەنانەت ئەمساڵ ئەتوانین بڵێین کە زۆرێك لە کەناڵە ئاسمانیەکانی وولاتە ئیسلامیەکانیش جیاوازیان لەگەڵ ساڵانی تردا هەبووە، بە نمونە ئەمساڵ یەکەم ساڵە لە میسردا دوای چل ساڵ کە ڕەمەزان بێ فەوازیر بکرێت، مردنی زایدیش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێ لەو بەرنامە تەرفیهیانەی کەناڵەکانی دوبەی و ئەوانی تریش دەست بگرنەوە لەسەر ئەو قسەیەی کە ئەڵێت (موسیبەتی هەنێ کەس بۆ هەنێکی ترە سوودبەخشە ) بە شێوەیەکی گشتی ئەمساڵ جیاوازیەکی بەرچاو هەستی پێ ئەکرا تەنانەت لە بەرنامەو پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکانیشدا،خوا هەڵناگرێ تەلەفزیۆنەکوردیەکانیش ئەمساڵ ڕێزێکی بەرچاویان لە مانگی ڕەمەزان گرت بە تایبەت کوردسات کە هەرچیەك سووکیو بێ ڕێزی و تەوهینو ئیهانە کردنی خواو پێغەمبەرو دینی ئیسلام هەیە کە لەو یانزە مانگەی پێش ڕەمەزان هەموویان کۆ کربۆوە لە بەرهەمە بە پێزۆ نایابەکەی کاك حوسەینی میسریدا پێشکەش بە ڕۆژووەوانانی مانگی ڕەمەزانیان کردوقڵپیان کردەوە بە سەریانداو بونە پێشلەشکری شکاندنی ڕەچەی ڕاو بیروبۆچونی ئازاد( بەڵام تەنها لە قسە ووتن بە ئیسلامدا ) .

سەیرە ڕەمەزان توانی ئەو هەموو دڵانە لە یەکتر نزیك بکاتەوە بە شێوەیەك کە هیچ هێزێکی ئەم دنیایە نیوەی ئەو توانایەشی نیە، دوو ملیۆنو نیوە تەنها لە مزگەوتی حەرامدا کە هەمووی بە دەستنوێژ، دەروون پاك، جلو بەرگ پاك، دوو ملیۆن و نیو تەنانەت بایەکیشیان لێ نابێتەوە، هەموو بەیەکەوە لە یەك کاتدا الله اکبر ئەکەن، لەیەك کاتدا دائەنەوێنەوە، لە یەك کاتدا کڕنوش ئەبەن، دوو ملیۆنو نیو شوێن یەك ئیمام ئەکەون لە هەموو هەڵسو کەوتەکانیدا بێ ئەوەی هیچ چاودێرو پۆلیسێکیشی لێ بێت، کەس قسەیەکی ناشیرین ناڵێت، کەس جوێنێك ناڵێت، تەنانەت مێرولەیەکیش حەرامە کە ئەزیەتی بدەیتو بیکوژیت، هەمووی بە کوڵ هاوار ئەکاتو لە پەروەردگاری ئەپاڕێتەوە، بە ڕاستی مەشهەدێکە زۆر مانا لە خۆی ئەگرێت، دەرسی زۆری تیایە بۆ موسڵمانان ئەگەر بتوانن وەری بگرن .

لەکاتی سەیرکردنی ئەو مەشهەدەدا هەندێ لە یاریەکانی ئەوروپام هاتەوە یاد کە کاتێك یاریەك لە نێوان دوو تیپدا دەبێت لەوانەی ژمارەی بەشداربووان بگەنە بیست یان سی هەزار کەمتر یان زیاتر، بەڵام سەیر ئەکەیت کە پولیس ئامادەباشی پلەیەکی وەرگرتووە، سەدان پولیس ژورەوەو دەرەوەی یاریگاکەی گرتووە، لە گەڵ ئەوەشدا کەم یاری هەیە کە جەماوەرەکە لە ناو خۆیدا نەیکەن بە شەڕوپێکادانو پولیس بەشداری نەکات جا باشە گریمان ئەوا دوو

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پیگەی زاگرۆس

ملیۆنو نیو بۆ ماوەی نزیكەی چوار سەعاتێك كۆ بونەوە خۆ ئەبێت پۆلیس لە وولاَتەكانی تریش قەرز بكەن و هێشتەش بەش ناكات .

ئیسلام ئەوەندەی بە مانا مەعنەویەكانیەوە سەركەووتووەو چۆتە دلَی خەلَكەوە ئەوەندە بە قسەو گوفتار سەركەوتوو نەبووە، بە ڕاستی تاكە هۆكاری یەكبونو هەست كردن بەوەی كە مرۆڤەكان گشت برای یەكنو هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان هیچ كەسێكدا تەنها بە تەقوا نەبێت تەنها لەم ئاینەدا بەرجەستە ئەبێتو بەس .

هیوادارم كە ئێمەی موسلَمان لە ئاستی هەلَگرتنی ئیسلامدا بین ئەنا وازی لێ بێنینو نەبینە زیادەی سەرشكێن .

ZAGROS WEBSITE